# شیکردنەوەیەکی سینتاکسی پەندی پێشینان

ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی
زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی زمان
بەشی زمانی کوردی

## پێشەکی

زمانی ئادەمیزاد سیستەمێکی ئاڵۆز و بەیەکداچووە، بۆیە لێکۆڵینەوەی کارێکی ئاسانییە، زمانەوانان بۆ ئەم مەبەستە زمانیان دابەشی چەند ئاستێك کردووە و لەهەر ئاستێك هەندێ یەکەیان دەستنیشانکردووە گرنگترین یەکەی لێکۆڵینەوە لەئاستی سینتاکسدا ڕستەیە، هەروەك دەزانرێت پەندی پێشینانیش ڕستە و وتەیەکی کورتە، کە مانایەکی فراوان و قوڵی تێدایە، بۆیە باسەکەمان بەناونیشانی(شیکردنەوەیەکی سینتاکسی پەندی پێشینان)ە، ئەوە دەگەیەنێ کە هەمو باسەکە بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی پەندی پێشینانە لەزمانی کوردیدا. بواری کارەکەمان پەیوەندی بە ئاستی سینتاکسەوەهەیە .

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە . لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا لەزمانی کوردیدا هیچ سەرچاوەیەك ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لەروی سینتاکسەوە لە پەندی پێشینانیان نەکۆڵیوەتەوە، بە پێویستمان زانی باسەکەمان تایبەت بێ بەم بابەتەوە، بۆئەوەی وەکو بابەتەکانی تر گرنگی پێ بدرێت و ببێتە باسێکی سەربەخۆ لەزمانی کوردیدا .

کەرەسەی لێکۆڵینەوەکەمان پەندی پێشینانی کوردی ناوەڕاستە .

باسەکەمان بێجگە لە پێشەکی وئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە :

**بەشی یەکەم** / بەناونیشانی( چەند کردەیەکی سینتاکسی لەپەندی پێشیناندا) یە، باس لەو کردانە دەکرێت کە بە شێوەیەکی گشتی لە پەندی پێشینان ڕەنگی داوەتەوە لەوانە(کردەی ڕێککەوتن، کردەی پاش و پێشکردن، کردەی لابردن، کردەی ناکردن، کردەی بکەرنادیار).

**بەشی دووەم/** بە ناونیشانی (جۆرەکانی پەندی پێشینان لە ڕوی ئەرك و ڕۆنانەوە)یە، کە باس لە پەندی پێشینان دەکرێت (لە روی ئەرکەوە ڕستەی هەواڵگەیاندن، پرس، فەرماندان،سەرسورمان،... و لە ڕوی ڕۆنانەوە سادە و لێکدراو و ئاڵۆز).

دواتر ئەو ئەنجامانە خراونەتە ڕوو کە لەباسەکەدا پێی گەیشتووین، لە کۆتایی باسەکەدا لیستی سەرچاوەکان ئینجا پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە.

## بەشی یەکەم
## چەند کردەیەکی سینتاکسی لە پەندی پێشیناندا

**سەرەتا :**

پەندی پێشینان بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵکە، بە ڕستەو ئاخاوتنێکی کورت دادەنرێ، کەمەبەست و واتایەکی فراوان و قوڵ بە دەستەوە دەدات، فەلسەفەیەك و سیفەتێکی تاقیکراوەی کۆمەڵگایەك یان چەند کۆمەڵگایەکەوە بەدەستەوە دەدات. لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا پەندی پێشینان وەکو شاکارێك و سامانێکی گرنگی کۆمەڵگای کوردی خۆی چەسپاندووە، ئەمەش بە هۆی بوونی پەیوەندی ئەو پەندانەی کەلەناو میللەتی کوردا هەن بە باس و ژیانی کۆمەڵگاوە (پەروەر عبدالرحمن صالح: ٢٠١٣،٩)، لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەو پەندانە بابەتێکە دەرژێتە ناو هەمووئاستەکانی زمان (فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی،سینتاکس، سیمانتیك، پراگماتیك) واتە دەتوانرێت لە هەموو لایەنێکەوە لێی بکۆڵدرێتەوە و سوودی لێ ببینرێت، کارەکەی ئێمە پەیوەندی بەئاستی سینتاکسەوە هەیە، گرنگترین یەکەی لێکۆڵینەوە لەئاستی سینتاکسیشدا ڕستەیە، پەندی پێشینانیش ڕستە و وتەیەکی کورتە، بۆیە لەم روانگەیەوە لێی دەکۆڵینەوە کاتێ ئێمە لە ڕستە ورد دەبینەوە، دەبینین وشە پێکهاتەیەکی ڕاستەوخۆی ڕستە نیە, بەڵکو وشە دوا پێکهێنی ڕستەیە, چونکە وشەکان بۆ ڕۆنانی گەورەتر لە ڕستەدا ڕێك دەخرێن ،ئەویش گرێیە، بەم جۆرە گرێ پێکهێنێکی ناوەندییە و دەکەوێتە نێوان وشەو ڕستەوە, واتە گرێ لە وشە پێکدێت و ڕستەش لەگرێ. ڕۆنانی ڕستەی زمانی کوردی بە شێوەیەکی هەرەمی لە چەند پێکهێنێك دروستبووەو هەریەکێك لە پێکهێنەکانیش کە پۆل (کەتیگۆری)یان هەیە. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین گرێ بەو یەکە سینتاکسییە دەگوترێت کە لە کەرەسەیەك یان لە کەرەسەیەکی سەرەکی(سەرە) و هەموو ئەو کەرەسانە(دیارخەر)ی کە بەندن پێوەی یان لە ژێردەسەڵاتیانن پێکدێ و لەڕستەدا ئەرکێك دەبینێ. گرێش بە پێی جۆری کەرەسە سەرەکییەکە(سەرە) دەتوانرێ لە پەندەکان چەند جۆرێکی لێ دەستنیشان بکرێ لەوانە :

**یەکەم/ گرێی ناوی:**

بریتییە لەو پێکهاتەیەی کە سەرەکەی ناوە یان ناو ئاسایە, ئەم سەرەیە بۆی هەیە بە هۆی دیارخەرێکەوە یان چەند دیارخەرێکەوە فراوان بکرێت کە دیارخەرەکان یان دەکەونە پێش سەرە یان دوای سەرە (ڤیان سلێمان حاجی:٢٠٠١،٢٩)، لە گرێی ناویدا هەموو کەرەسەکان لە ژێر دەسەڵاتی ناوەکەدا دەبن, هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی ناو دەوری سەرە دەبینێ, بەلاَم بەشەکانی تری ئاخاوتنیش( ناوئاسا) دەتوانن ئەم دەورە ببینن لە گرێی ناویدا. وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- <u>بەردی بچوك</u> سەر ئەشکێنێ.
- <u>ئافرەتی شەرمن</u> شارێ دێنێ، <u>پیاوی شەرمن</u> بزنێ نایێنێ.
- <u>تێنەگەیشتن</u> لە زەهری مار ناخۆشترە.
- <u>مردن</u> مردنە لنگە فرتێ چییە.

**<u>گرێی ناوی لەڕوی ڕۆنانەوە</u>**

گرێی ناوی لەڕوی ڕۆنانەوە دەکرێت بە دوو جۆرەوە:

١- <u>گرێی ناوی سادە</u>: ئەم جۆرە گرێیانە دەگرێتەوە کە لە کەرەسەیەك یان لە سەرەیەك و دیارخەرێك یان چەند دیارخەرێك پێکدێ. گرێی ناوی سادەش دوو جۆری هەیە:

أ- گرێی ناوی سادەی ناوك

ئەم جۆرە گرێیە لە زمانی كوردیدا تەنیا لە ناوێك یان ناوئاسایەك پێكدێت واتە لەیەك كەرەسە پێكدێت(طالب حسين و ساجده عبدالله، ٢٠٠٦، ٧٣٥) وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

- خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە.
- شەڕ لە بەتاڵی باشترە.
- تێگەیشتن لەمێوژە ڕەشە خۆشترە.

ب- گرێی ناوی سادەی فراوانكراو

ئەم جۆرە گرێیانە دەگرێتەوە كە سەرەكە دیارخەرێك یا زیاتر لە دیارخەرێكی لە گەڵدا دەبێت, دیارخەرەكان لە گرێی ناویدا دەبن بە دوو كۆمەڵەوە:

١- دیارخەری پێش سەرە(بێ ئامراز):

لەم جۆرە گرێیەدا دیارخەرەكان پێش سەرە دەكەون بە بێ هیچ ئامرازێك, بەڵكو بە هۆی پەیوەندییەكی سینتاكسی لە یەك دەدرێت. ئەو كەرەسانەی كە دەوری دیارخەر دەبینن دەچنە پێش سەرە بریتین لە( مۆرفیمی هەر , جێناوی نیشانە, ژمارە, مۆرفیمی پرس, ڕادە(چەندێتی), نەفی, ئاوەڵناوی پلەی باڵا....هتد) لەم نمونانەی خوارەوە رون دەبێتەوە:

- هەر كەس نانی ناوچەوانی خۆی دەخوات.
- هەموو ڕێگایەك ئەچێتەوە سەربانە.
- هەزار ساڵ بكەیت بێگانە پەرستی ، ئاخری هەردێنی نوشوستی.
- ئەو هەویرە ئاوی زۆری دەوێ.
- هیچ كەسەك ناوی چاك نادا بەكەسەك.
- ئاسانترین كەس بۆ هەڵخەڵەتاندن مرۆڤ خۆیەتی.

مەرج نییە هەموو ئەو كەرەسانە لە گرێیەكی ناویدا بەسەر یەكەوە دەركەون, بەڵام دەشێ دوو كەرەسە یان زیاتر لەو كەرەسانە بە یەكەوە دەركەون. وەك

- ئەو یەك ساڵە دوو ساڵە هەڵدەخەڵەتێنێ.

٢-دیارخەری دوای سەرە(بە هۆی ئامرازەوە):

ئەم جۆرە گرێیە بڵاوترین جۆری گرێی ناوییە لە زمانی كوردیدا، كە لە سەرەو دیارخەرێك یان چەند دیارخەرێك پێكدێت, دیارخەرەكان دوای سەرە دەكەون بە هۆی ئامرازی خستنە سەری{ی, ە}ەوە. ئەو دیارخەرانەی دوای سەرە دەكەون لە گرێی ناویدا بریتین لە مانەی خوارەوە:

ناو ـــــــ دەستی كەس پشتی كەس ناخورێنێ.

ئاوەڵناوـــــ پارەی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش.

چاوگ ـــــ. پەت/ گوریسی درۆكردن كورتە.

جێناو ـــــ منداڵی خۆت بە قوربانی منداڵی خەڵك مەكە.

- سێبەری من لە سێبەری ئاغای باشترە.

– دێیەکەی ئێمە بێ سەگ و تولە سەگە.

گرێی ناوی دەتوانرێ فراوان بکرێ بە لێکدانی هەردوو جۆرە دیارخەرەکان(دیارخەری پێش سەرەو دوای سەرە)وەك:

– ئەم گوێ بەرخە بۆئەو گوێ بەرخە.

۲. **گرێی ناوی لێکدراو:** ئەم جۆرە گرێیە دەگرێتەوە کە لە دوو گرێی سادە یان زیاتر پێکدێت بە پێی پێویست. هەریەك لە گرێ سادەکان گرێی سەربەخۆن لە روی فۆرم وواتاوە کە بە هۆی مۆرفیمی(و) لێك دەدرێن .

– مۆرفیمی(و)

ا-لێکدانی دوو گرێی ناوی سادەی ناوك یان زیاتر بەیارمەتی مۆرفیمی(و) وەك:

– تیر و شیر لەیەك ئەسون.

گ ن١ گ ن٢

گ ن لێکدراو

- دۆست و دوژمن لە تەنگانەدا بەدەردەکەون.

ب- لێکدانی دوو گرێی ناوی سادەی فراوانکراو وەك:

- ئیشی عەبدی و کاری خودای!!! زۆر لێك دورن.

گ ن١ گ ن٢

گ ن لێکدراو

**دووەم/ گرێی کاری:**

بە پێکهێنەرێکی سەرەکی ڕستە دادەنرێت ، چونکە لەناو ڕستەدا بە خورتییەو ناتوانرێت لابرێت. گرێی کاری لەسادەترین ڕۆنانـدا لـە کـاری پێکـدێت، کـە لـە رووی ڕۆنانـەوە ناسـادەیە وتێیـدا مـۆرفیمی ڕەگـی کـار مۆرفیمێکی تەوەرەییەو مۆرفیمە بەندەکانی تری وەك مـۆرفیمی کـات و جێنـاوی لکاوی بـۆ دەگەرێتـە. کـە هـەر یەکەیان ریزبوونێکی دیاریکراوی تایبەت بە خۆیان هەیە(محەمەد مەعروف فەتاح، ١٨٩، ٤٢). واتە بەلای کەمەوە گرێی کاری سادەی ناوك دەبێ لەم بەشانەی خوارەوە پێك بێت:

{ڕەگ + م.کات + جێناوی لکاو (کەس و ژمارە)} .

کاری تێپەڕ

ڕابردوو ـــــ دەکرۆشت ، دەخوارد.

دە + Ø + کرۆش+ت+ Ø {م.بەردەوامی+جێناوی لکاو(بکەر)+ڕەگ+ م.کات+ جێناوی لکاو(بەرکار)}

– ئەنگوستی خۆی دەکرۆشت.

– پیاو پیاوی دەخوارد.

ڕانەبردوو ـــ دەشکێنی، دەدرێنی.

دە + Ø +شکێن+Ø +ی{م.بەردەوامی+جێناوی لکاو(بەرکار)+ڕەگ+ م.کات+ جێناوی لکاو(بکەر)}

- سەگ بە زەبری کلکی ئێسقان دەشکێنی.
- پاروی گەورە گەرو دەدڕێنی.

کاری تێنەپەڕ

ڕابردوو——— دەگریام

دە+ گری+ ا +م {م.بەردەوامی+ ڕەگ+ م.کات+جێناوی لکاو(بکەر)}

- ئەگەر دەنگم خۆش بایە هەندەك دەگریام.

ڕانەبردوو——— دەترسێ

دە+ ترس+ێ+ Ø {م.بەردەوامی+ ڕەگ+ م.کات+جێناوی لکاو(بکەر)}

- لە سێبەری خۆی دەترسێ.

گرێی کاری فراوانکراو: گرێی کاری لە رووی تیۆرییەوە دەکرێت تابێ کۆتا درێژبکرێتەوەو فراوانبکرێت. ئەمەش بە ڕێگای زیادکردنی(ئاوەڵکار, گرێی بەند, دیارخەر, گرێی ئاوەڵناوی و....)دەکرێ و ببنە بە شێك لە گرێی کاری (طالب حسين و ساجده عبدالله، ٢٠٠٦ ،٧٥٠) . زیادکردنی ئەو کەرەسانەش لە سنوری ڕستەدا بۆ ئەو مەبەستەیە کە قسەکەر دەیەوێت رونکردنەوەی زیاتر لەبارەی ڕستەکە دەربېڕێت, بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر بە گوێگر ڕابگەیەنێت. ئەمانەی خوارەوە هەندێ لەو نموونانەن:

- هەمیشە عەقل و عیلم لە پێشە، لە هەموو شارێ نەزان بارکێشە.
- هێشتا بۆنی خاوی لە دەوی دێت.
- ڕەشەمە ڕەش و توشە، نە کا ماوە نە پوشە.

سێیەم/ گرێی ئاوەڵناوی:

ئەو جۆرە گرێیە سەرەکەی دەبێ ئاوەڵناو بێت, واتە بە بێ بوونی ئاوەڵناو گرێی ئاوەڵناوی دروست نابێت. ئەم جۆرە گرێیە بە پێچەوانەی گرێی ناوی لە رووی ڕۆنانەوە سادەیە و وەکو گرێی ناوی گەورەو فراوان ناکرێت, بەڵام هەندێ جار بە ڕادەیەکی زۆر کەم فراوان دەکرێت، ئەویش بە یارمەتی هەندێك ڕادە(چەندێتی)کە دەکەونە پێش ئاوەڵناوەکە وەك{زۆر, یەکجار, هەندێك, کەمێك.....هتد} (ئاواز حەمە صدیق:١٩٩٦،٤٠). وەك ئەم نموونانە:

- دنیای ڕۆن زۆر خۆشە.
- ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە.
- ڕێ باریکە شەو تاریکە.
- ئاشی هار درشت و ورد دەهاڕێ.

چوارەم/ گرێی بەند:

ئەو جۆرە گرێیەیە کە بە یارمەتی یەکێك لە ئامرازەکانی پەیوەندی{لە, بە, بۆ} دروست دەبێت, واتە کاتێ ئەم ئامرازانە دەچنە سەر ناوێك یان گرێیەکی ناوی گرێیەکی بەند پێکدێنن. لەم جۆرە گرێیەدا ئامرازەکان دەبنە سەرەو کەرەسەکانی تر دەبنە دیارخەر, واتە ئامرازە پەیوەندییەکە بڕیار دەدات کە چ جۆرە دیارخەرێك لە ڕۆنانەکەدا هەبێت, چونکە ڕۆنانەکە هەمووی باس لە جۆرێك لە شوێن یان لە کات یان هۆکار

یان ئامێر یان مەبەست......هتد دەکات، بۆنموونە(لە دەرەوە) دەگەڕێتەوە بۆ شوێن نەك بۆ جۆرێك لە (دەرەوە). هەروەها (لەتاو ئێوە) بۆ هۆ نەك بۆ جۆرێك لە (ئێوە) دەگەڕێتەوە(ساجیدە عەبدالله فەرهادی، ١٩٩٥ ،٦٣). ئەمانەی خوارەوەش هەندێ لەو نمونانەن:

- جەڕەی ئاوێ لە ڕێی ئاوێ دەشکێ.
- بەپیری دەچێتە بەر هەویری.
- بەدەستی خەڵك ماری بکوژە.
- بۆنانێك ماڵی خۆی جیا ئەکاتەوە.

**پێنجەم/ گرێی ئاوەڵکاری:**

ئەو جۆرە گرێیە سەرەکەی دەبێ ئاوەڵکار بێت , بە لاٌم لەبەر ئەوەی ئەو ئاوەڵکارانەی بەئامادەکراوی هەن لە ناو فەرهەنگی زمانی کوردیدا وەك (هەمیشە, هەرگیز, هێشتا, دیسان, خۆزگە, ڕەنگە, لێرە.......)ژمارەیان زۆر کەمەو بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن, سوود لە جۆرەکانی تری گرێ وەردەگیرێ وەك ( گرێی ناوی و گرێی ئاوەڵناوی و گرێی بەند،.... ) کە لە ناو ڕستەدا ئەرکی ئاوەڵگوزارە دەبینن, کە لەم نمونانەی خوارەوە روون دەبێتەوە:

- هێشتا کفنی زەرد نەکردییە. گرێی ئاوەڵکاریە
- هەمیشە خۆت بێهێز بزانە و دوژمنت بە هێز. گرێی ئاوەڵکاریە
- دوازدە مانگ بە ڕۆژووە، کەچی بە گوو بەربانگ دەکاتەوە. گرێی ناویە(ئەرکی ئاوەڵگوزارەیە)
- زستانان پینەوپەڕۆ، هاوینان ورد ورد بڕۆ. گرێی ئاوەڵناویە (ئەرکی ئاوەڵگوزارەیە)
- هەنگوینی لە کونەشاخا دیوەتەوە. گرێی بەندە (ئەرکی ئاوەڵگوزارەیە)

هەروەك ئاشکرایەسینتاکس دەستوری ریزکردن و دانەپاڵ یەکتری کەرەسەکان/گرێکان و دیاریکردنی ئەو یاسا و لێکدانانەیە کە پەسەندن لە زمانێکدا، ئەو یاساو لێکدانانەش لە ڕێگای چەند کردەیەك ئەنجام دەدرێت، بۆیە لەم بەشەدا ئەو کردە و لایەنانە لەپەندی پێشینان دەستنیشان دەکەین کە زۆر باون و پەیوەندی بەم ئاستەوە هەیە لەوانە:

### ١- کردەی ڕێککەوتن :

ڕێککەوتن ئەو دیاردە ڕێزمانییەیە کە لە سنووری ڕستەدا دەرکەوتنی کەرەسەیەك بە کەرەسەیەکی ترەوە بەند دەکات کە پەیوەندییەکی ڕێزمانی لە نێوانیاندا هەبێت (ڤیان سلێمان حاجی:٢٠٠١،٢٦). دیاردەی ڕێککەوتنی ڕێزمانی لەوەدایە کە ئەو وشە یا کەرەسانەی کە پەیوەندییەکی سینتاکسییان بە یەکترەوە هەیە، هەندێ مۆرفیمی ڕێزمانی لێکچوو یا خود هاوسەنگ لە ئەرکدا وەردەگرن.

لە هەندێ زماندا لە چوارچێوەی ڕستەدا ئەو گرێیە ناوییەی کە ئەرکی بکەری یا بەرکاری دەگێڕێت هەندێ لە سیما ڕێزمانیەکانی وەك(کەس، ژمارە) بە ڕێگەی یاسا گوێزانەییەکانەوە بەسەر کاری ڕستەدا دەسەپێنن، واتە لەگەڵ یەکتردا ڕێك دەکەون، لە زمانی کوردیدا ڕێککەوتن یا لە نێوان بکەرو کاردا دەبێت یا لە نێوان بەرکارو کار( وریا عومەر ئەمین،٢٠٠٤،١٦). ڕێککەوتنی یەکێك لەم دووانە لەگەڵ کاری ڕستە بەندەبە:

١- جۆری کاری ڕستە لە رووی هێزەوە(تێپەڕ و تێنەپەڕ).

٢- کاتی ڕوودانی کارەکە( ڕابردوو، ڕانەبردوو).

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕبێت، ڕێککەوتنەکە لە نێوان بکەر و بەرکاردا دەبێت، بەلاّم لە هەموو شێوەکانی دیکە(کاری تێپەڕی ڕانەبردو کاری تێنەپەڕی ڕابردو و ڕانەبردوو) ڕێککەوتنەکە دەکەوێتە نێوان بکەرو کار. ئەم دیاردەیە لە پەندەکانی کوردیشدا ڕەنگدەداتەوە کەلەمانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

ا- ڕێککەوتنی بکەرو کار:

بە شێوەیەکی گشتی ڕێککەوتن لە نێوان بەشە بنجییەکانی ڕستەدا ڕوودەدا(وریا عومەر ئەمین :١٩٨٢ ژ٩١،١٧)، لە کوردی ناوەڕاستدا :

ا- ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بوو ئەوا ڕێکەوتنەکە لە نێوان( بکەر و کار)دایە وەك ئەم نموونانە :

- شەو هاتØ و مەرگ هاتØ. (کارەکە تێنەپەڕی ڕابردووە)

- مرۆڤ وەك گا لە پێستێکا نامێنێتەوە. (کارەکە تێنەپەڕی ڕانەبردووە لە حاڵەتی نەرێدایە)

- ئاوی زۆردار سەر بەرەو ژوور ئەڕوات. (کارەکە تێنەپەڕ ڕانەبردووە لە حالەتی ئەرێدا)

ب- ئەگەر کارەکە تێپەڕبوو لە کاتی ڕانەبردوو بوو وەك:

- بەردی بچووك سەر ئەشکێنی.

- خوا حەقی بزنی گوڵ لە بزنی شاخدار ئەستێنێ.

- هەرکەس نانی ناوچەوانی خۆی دەخوات.

ب- ڕێککەوتنی بکەر و بەرکار:

ئەگەر کارەکە تێپەڕبوو کاتەکەی ڕابردوو بوو ئەوا ڕێکەوتنەکە لە نێوان بکەر و بەرکاردا دەبێت (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٩٣) وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- خوا کلاّوی بۆ بەڕوو کردووە.

- قازانج سەری مایەی خوارد.

- پیاو پیاوی دەخوارد.

## ٢- کردەی پاش و پێشکردن ( جێگۆرکێ ) ی کەرەسەکان :

ڕستە لە کۆمەڵێك کەرەسەی دیاریکراو پێکدێت، کە بە گوێرەی چەند یاسایەك داڕێژراون، ئەو کەرەسە دیاریکراوانە، هەندێکیان سەرەکین و هەندێکیان ناسەرەکین، کەرەسە سەرەکییەکان بە خورتییە و دەبێ لە ئاستی ژێرەوەی ڕستەدا هەبن ناتوانیین لایان ببەین، بەلاّم کەرەسە ناسەرەکییەکان بە ئارەزووە، دەتونین لایان ببەین (خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو:٢٠٠٨،٣٥) ، کەرەسەکان لە ناو ڕستەدا چەند ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینن ئەرکەکانیش بریتیین لە{بکەر، بەرکار، ئاوەڵگوزارە، تەواوکار، سەربار،... تد} . هەروەك ئاشکرایە هەر زمانێك ڕێگایەکی هەیە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی ئەم کەرەسانە نیشان بدات، لە هەندێ زماندا بۆئەوەی پەیوەندی سینتاکسی نیشان بدات، پشتی بە کەرەسە ریزبوون بە ستووە، واتە ریزبوونی کەرەسەکان لەناو چوارچێوەی ڕستەدا وەك کەرەسەیەکی واتایی ڕێزمانی تەماشادەکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، جۆری ریزبوونی کەرەسەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، ڕستەی هەموو زمانێك ئەم سێ بەشە سەرەکییەی هەیە( بکەر، بەرکار، کار) هەر زمانێك بە پێی دەستور ویاساکانی سینتاکی ئەو زمانە هەرسێ بەشە سەرەکییەکەی

ڕستە یەك لە دوای یەك ڕیزدەکات. لە زمانی کوردیدا ڕیزبوونی ئاسایی بە جۆری( بکەر+ بەرکار+کار) دادەنرێت، چونکە زۆربەی ڕستەکانی کوردی ڕۆنانێکی ناوەوەیان هەیە کە بە (بکەر) دەست پێدەکات و بە (کار)یش کۆتایی دێت ( طالب حسين علي:١٩٩٨ ، ٩) .ئەم نموونانەی خوارەوە دەری دەخەن کە ڕیزبوونی ئاساین:

- خوا کلاّوی بۆ بەڕو کردوە.
- ژنی کەچەڵ بە مووی کچی خاڵی دەنازێت.
- کەری بێ بار خێرا ئەڕوا.

بەلاّم هەندێجار ریزبوونەکە دەگۆڕێت، واتە کەرەسەکانی ڕستە (بکەر و بەرکار و کار) جێگایان دەگۆڕێت و پاش و پێش دەکرێن، کە بەم جۆرەیان دەوترێت ریزبوونی نائاسایی لەوانە:

یەکەم/ پێشخستنی کار:

دیاردەی پێشخستنی کار یاسایەکی گوێزانەوەیە لە پەندی پێشینان بەدی دەکرێت ، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- چومە کوێستانان بە بێری ومەشك، هاتمەوە خواریٚ بە بیٚ ڕون و کەشك.
- ببینم مەرگم زاوا نەکا بەرگم.
- بگرە بارت، بستێنە باجت.
- بدە ڕەنجیٚ، بخۆ گەنجیٚ.

دووەم/ پێشخستنی بەرکار:

لە زمانی کوردیدا دەکرێت بەرکاری ڕاستەخۆی ڕستە بە ڕێگەی لووتکاندنەوە، بە پێی یاسایەکی گوێزانەوە بخرێتە پێشەوە( ديار علي كمال: ٢٠٠٢، ٧٥) ، واتە بەرکار لەسەرەتای ڕستەوە بێت، وەك لەم پەندانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

- ئاشی نەزان خوا ئەیگێریٚ.

سێیەم/ پێشخستنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ:

بەرکاری ناڕاستەخۆ وەکو کەرەسە ناسەرەکییەکانی تر شوێنیان چەسپاو نییە لە ناو ڕستەدا ، بۆیە دەکریٚ لە هەر شوێنێکی ڕستەدا بێن، بەلاّم لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی زیاتر لە کارەوە نزیکن، کەواتە دەکرێت وەك بەشەکانی تری ڕستە لە سەرەتایی ڕستەوە بێت ، واتە پێشبخرێت .وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- بە دەستێك چەپڵە ليٚ نادریٚ.
- بە دەرزی چاڵ ليٚ نادریٚ.
- بە قسەی خۆش مار لە کون دێتەدەر.
- لە بەڕوو نانی گەنم دروست ناکرێت.

هەندێجار لە پەندەکاندا ئەو گریٚ ناویەی لە دوای ئامرازی پەیوەندی دێت دەچێتە پێشەوەی ڕستەکە وەك ئەم نمونانە:

- چۆلەکەی کوێر ، خوا هێلانەی بۆ دەکا. ڕستەکە لە بنچینەدا بەم شێوەیە(خوا هێلانە بۆ چۆلەکەی کوێر دەکات.

چوارەم/ پێشخستنی دیارخەر ی دوای سەرە وەك :

- فەقیر سێبەرو ڕەزای گرانە. ڕستەکە بەم جۆرەیە(سێبەر و ڕەزای فەقیر گرانە).
- فەقیر هەمیشە نانی سوتایە. = = (هەمیشە نانی فەقیر سوتایە).

پێنجەم/ پاشخستنی بکەر:

دیاردەی پاشخستنی بکەر یاسایەکی گوێزانەوەیە لە پەندی پێشیناندا بەدی دەکرێت. وەك ئەمانەی خوارەوە:

- لە کۆنەکاش بەردەبێ ئاگر.

## ٣- کردەی لابردنی کەرەسەکان:

کردەی لابردن بە یەکێك لە دیاردە هەرە باوەکان دادەنرێ لە زماندا لە هەندێ زماندا زۆر بە ڕونی دیارە و لە هەندێکی تردا کەمتر هەستی پێدەکرێت، هەروەکو لە زمانی کوردیدا دیاردەی لابردن لە گشت ئاستەکانی زماندا بەرچاو دەکەوێت ئەمەش لە پێناو ئابوریکردنە(دەروون عبدالرحمان صالح: ٢٠١٠،٣٤) . لابردن بریتییە لە کەوتنی بە شێکی ڕستە یان گوتن بە هۆی بوونی بەڵگەیەکی تر لە ڕستەکەدا(اسماعیل حمید حمدامین: ٢٠٠٤، ٥٨) ئەو کەرەسەی کە لادەبرێ لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بوونی هەیە، بەڵام بوونی بەرجەستەیی نییە ، لە ڕۆنانی سەرەوەدا لادراوە. واتە هێنانە کایەی ئاستی ڕوکەشی ڕستەکان تەنیا بە یاساکانی گوێزانەوە ئەنجام نادرێت، بەڵکو پرۆسەیەکی دیکەش بەشدارە، کە یاسای (لابردن)ی کەرەستەکانە، ئەم کەرەستەیە لە سەر ئاستی سیمانتیکی بونی خۆی هەیە، بەڵام لە ئاستی ڕوکەشی ڕستەدا لا دەبرێت. ڕستەی زمانی کوردی زۆربەی یاساکانی لابردنی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، زۆریش لە کەرەستەکانیش، کە لە ئاستی سیمانتیکدا بونیان هەیە لای قسەکەری کورد لە ئاستی دەربڕیندا بونیان نامینێت یان سەرپشکییانە لادەبرێت (کاروان عومەر قادر:٢٠٠٦،٣١). واتەلابردن یاسایەکی بە ئارەزووە و بریتییە لە لابردنی کەرەسەیەك لە کەرەسەکانی ڕستە وەك ئەمانەی خوارەوە:

یەکەم / لابردنی بکەر:

بکەر کەرەسەیەکی سەرەکی ڕستەیە و لەگەڵ کار لە کەس و ژمارە ڕێکدەکەون ، لە هەندێ کاتدا دەتوانرێ بکەری سەربەخۆ لاببرێت بەتایبەتی لە ڕستەی لێکدراودا ئەگەر بکەری هەردو ڕستە سادەکەی ناو ڕستەی لێکدراو هاوبەش بن بکەری ڕستەی دوەم دووبارە ناکرێتەوە لادەبرێ، وەك ئەمانەی خوارەوە:

- قەرز کۆن دەبێ و Ø نافەوتێ.
- دڵ بەرد نییە ، Ø لەپەڕەی گوڵ ناسکترە.
- دنیا گوڵێکە، Ø هەردەم لە چەشنێکە.

هەروەها لە ڕستەی سادەشدا بکەری ڕستە لە ئاستی سەرەوە لادەبرێ، چونکە جێناوێکی لکاو لە ڕستەکەدا هەیە بۆی دەگەڕێتەوە وەك:

- Ø تفەنگ بە تاریکییەوە ئە نێت. لەم پەندەدا (ئەو) کە بکەرەکەیە لابراوە، بەڵام جێناوی لکاوی (ێت) بۆی دەگەڕێتەوە.

- Ø هەنگوینی لە کونە شاخا دیوەتەوە. لەم پەندەدا (ئەو) کە بکەرەکەیە لابراوە، بەڵام جێناوی لکاوی (ی) بۆی دەگەڕێتەوە.

**دووەم/لابردنی بەرکار:**

بەرکار بە کەرەسەیەکی سەرەکی دادەنرێ و دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی گرێی کاری لە کاری تێپەڕدا، ئەم کەرەسەیەش دەتوانرێ لە ڕستەدا لابرێ دەرنەکەوێ لە ئاستی سەرەوەی ڕستەدا وەك لەم پەندانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

- دەوڵەمەند Ø پیرۆزت بێ ، فەقیر Ø لە کوێت بوو.
- کێ Ø کردی، کێ Ø خواردی؟
- دەم Ø دەخوا ، چاو شەرمێ دەکا.

**سێیەم/ لابردنی کار:**

کار یەکێکە لە کەرەسە بنچینەو سەرەکییەکان، واتای ڕستەکە لە کارەوە وەردەگیرێت ، هەرگیز لە زمانی کوردیدا کار بە تەنیا خۆی تێ ناچێ و هەمیشە نیشانەی بکەرەکەشی لەگەڵ دەڕوات(بەکر عومەر عەلی:١٩٩٢،٥٥) دیاردەی لابردنی کار لە پەندی پێشینان ڕوودەدات :

ا- لە هەندێ پەندی پێشیناندا کە لەروی ڕۆنانەوە سادەن هەموو کارەکە لابراوە ، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- سەر بە قوربانی زگ Ø.
- بۆ هەر دەردێك مەردێك Ø.

ب- لە هەندێکی تردا بەتایبەتی لەو پەندانەی کە شێوەی لێکدراویان هەیە ، کارەکەیان هاوبەشە بۆ ئەوەی لەڕستەی دووەمدا دوبارەنەبێتەوە لادەبرێ وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- ڕازت لای یەکێ دانێ و پرست لای هەزار Ø.
- هەمیشە خۆت بێهێز بزانە و دوژمنت بە هێز Ø .

ت- لە هەندێکی تردا کە شێوەی لێکدراویان هەیە کارەکەیان لە هەردو ڕستەکەدا لادەبرێ وەك:

پ- - نان بۆ نانەوا Ø ، گۆشت بۆ قەساب Ø.

- ئاش لە خەیاڵێك Ø و ئاشەوان لە خەیاڵێك Ø .

**چوارەم/ لابردنی (سەرە) دیارخراو لە گرێی ناویدا کە دەوری بکەر دەبینی:**

سەرە یەکێکە لە کەرەسە سەرەکییەکانی گرێ ، گرێش بەو یەکە سینتاکسییە دەگوترێت کە لە کەرەسەیەك یان لە کەرەسەیەکی سەرەکی(سەرە) و هەموو ئەو کەرەسانەی کە ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ(دیارخەر) بەندن پێوەی یان لە ژێر دەسەڵاتیانن پێکدێ و لە ڕستەدا ئەرکێك دەبینێ، گرێش بە پێی جۆری کەرەسە سەرەکییەکە(سەرە) دەتوانرێ چەند جۆرێکی لێ دەستنیشان بکرێ وەك : گرێی ناوی، گرێی کاری، گرێی ئاوەڵناوی...تد ( ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی: ٢٠١٣،١١) . سەرە لە گرێدا وەك کەرەسەکانی تری ڕستەبە ئاسانی ناتوانرێ لابرێ ، بەڵام ئەم دیاردەیە لە پەندی پێشیناندا بە تایبەتی لە گرێی ناویدا بەرچاو دەکەوێت ، وەك ئەمانەی خوارەوە:

- تێر ئاگای لەبرسی نییە. واتە کەسی/زگی تێر ، کەسەکە/زگ لابراوە.
- گەورە ئاودەرژێنێ بچووك پێی لێ دەخشێنێ. واتە مرۆڤی گەورە ، مرۆڤی بچووك ، مرۆڤ لابراوە.

## ٤- کردەی ناکردن:

کردەی ناکردن کردەیەکی سینتاکسییە، ئەرکی سەرەکی جێبەجێ نەکردن و بەرپەچدانەوەی ڕستەیە، هەموو ڕستەیەك لە ڕووی چەمکەوە ئەرێ یان نەرێیە، بە واتا ئەنجامدانی کار و ئەنجام نەدانییەتی، واتە کردەی ناکردن لە ڕستەی نەرێدا هەواڵی ڕونەدانی کارەکە ڕادەگەیەنرێ (عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ:١٩٩١،١٧٩)، لە زمانی کوردیدا چەند نیشانەیەك هەیە بۆکردەی ناکردن وەك(نە، نا، مە،...تد) کە لە پەندەکانیش ئەم دیاردەیە ڕەنگی داوەتەوە:

ناکردن بە مۆرفیمی(ن):

- خەمی نەخوارد بۆیە خەم فەرامۆشی کرد.
- ئەوەی لە شەڕ نەبێ شێری تیژە.
- بە دوان نەدەچوە شایێ بەدەیان نە دەهاتە دەرێ.

مۆرفیمی(نا):

- باری خوار ناگاتە ئامانج.
- زامی زمان سارێژ نابێ.
- نان ناچێتە سەرە ڕێگا.

مۆرفیمی(مە):

- ئاغا ببیتە پردیش بەسەریدا مەڕۆ.
- ئەگەر گوڵنیت، دڕکیش مەبە.
- بە پێکەنینی زاڵم باوەڕمەکە.

## ٥- کردەی بکەر نادیار:

ڕستەی بکەرنادیار بەو ڕستانە دەگوترێت کە تیایدا بە هەر هۆیەکەوە بێت بکەرەکە دیارنییە(فەرەیدون عەبدول محەمەد:١٩٨٨،٤٦) ئەو جۆرە ڕستەیەی دەکرێت بە بکەر نادیار دەبێت کارەکەی تێپەڕبێت، چونکە کاری تێپەڕ پێویستی بە بەرکارە بۆ جێگرتنەوەی بکەر، لە هەموو زمانێکدا ڕستەی بکەر نادیار هەیە، بەلأم هەر زمانێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە زمانی کوردیشدا بکەرنادیار شێوەی دروست بوونی تایبەتی خۆی هەیە( وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤،٢٧١) . پەندی پێشینانیش لەم دیاردەیە بێبەش نییە وەك لەمانەی خوارەوەدا دەبینرێ:

- پارێز لە دەستی شکای دەکرێ.
- لە جامەك دا دەخنکێنرێ.
- بە کەوان دەهاویشترێ.
- دەڵێن گندۆرە بە ڕەنگ ناناسرێ، هەرترێ چاکە تامی دەچێژرێ.

## بەشی دووەم

## جۆرەکانی پەندی پێشینان لەڕوی ئەرك و ڕۆنانەوە

**سەرەتا :**

زمانەوانان هەر لەکۆنەوە بۆمەبەستی ئاسانکردنی لێکۆڵینەوەو دیاریکردنی سنورو جۆرەکانی بەشێوەی جیاجیا ڕستەیان پۆلین کردوە. هەروەك ئاشکرایە ڕستە لەروی پێکهاتن و دارشتن وئەرك و واتاوە دابەش کراوەتە سەر چەند بەشێکی دیاریکراو ، ئەم بەشانەی لەزمانی کوردی دا دەست نیشان کراون (قەیس کاکل: ١٩٩٦،٣٤) ڕستە بەپێی پەیوەندی واتاییەوە بۆ هەبونی ڕاستی رودان و رونەدانی دوو جۆرە یان لەحالەتی ئەرێدایە یان لەحالەتی نەرێ دایە (کوردستان موکریانی :١٩٨٦،٥٤) ڕستە لەروی پێکهاتن و دارشتنیشەوە ڕستەی سادەو لێکدراو و ئالۆز دەگرێتەوە( عەبدوڵلاحوسین: ١٩٩١،٨٦) لەڕوی ئەرك و واتاوەش بۆچەند جۆرێك دابەش کراوە . هەندێك لەرێزماننوسە دێرینەکان سێ جۆریان دەست نیشان کردوە لەوانە (ڕستەی بەیانی ڕستەی پرس و ڕستەی فەرمانی )(توفیق وەهبی: ١٩٢٩،٨) هەندێکی تریشیان بەگشتی چوار جۆریان جیاکردۆتەوە ئەویش (ڕستەی هەواڵگەیاندن و ڕستەی فەرمان و ڕستەی پرس و ڕستەی سەرسورمان) (کوردستان موکریانی :١٩٨٦، ٥٠) لەروی ڕێژەوە بۆئینشائی وئیلزامی کە(خۆزگە ونیاز وئەگەری و ...هتد) دەگرێتەوە دابەشکراوە(ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی:٢٠٠٣، ٥٧)، بەلآم لەم سالانەی دوایی زۆربەی زمانەوانەکان لە ژێر ئەرکەکانی ڕستە ئەم جۆرە ڕستانە دەستنیشان دەکەن (زانیاری و هەواڵگەیاندن، پرسیارکردن، هەست دەربرین، وروژاندن ،فەرماندان، ڕاپەراندن وجێ خۆشکردن ، بانگکردن، سوێند خواردن، پارانەوە)(محەمەد مەعروف فەتاح:١٩٩٠،٢٦). زۆربەی ئەم جۆرە ڕستانە لە پەندی پێشیناندا ڕەنگیان داوەتەوە، بۆیە ئێمەش لەم بە شەدا جۆرەکان دەستنیشان دەکەین:

**یەکەم / جۆرەکانی پەندی پێشینان لە ڕوی ئەرکەوە:**

پەندەکانی کوردی بە پێی ئەو ئەرکە یان ئەو واتایەی دەیگەینێ یان ئەو چەمکەی کە دەیدات بە دەستەوە دەتوانین بۆ چەند جۆرێك پۆلینیان بکەین لە وانە:

١- زانیاری و هەواڵگەیاندن:

ئەم جۆرەیان بە ئەرکێکی هەرە سەرەکی زمان دەژمێرێ ، پەیوەندی بەزانین و هۆشی مرۆڤەوە هەیە ، قسەکەر دەیەوێ بوون و نەبوونی یان ڕاستی و ناڕاستی دیاردەکان پیشان بدات. وەك ئەم پەندانەی خوارەوە:

- دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە.
- سکی تێر ئاگای لە سکی برسی نییە.
- چەم بێ چەقەڵ نابێ.
- مارانگاز لە خشەی مێرو ئەترسێ.

٢- پرس:

مەبەست لە پرسیارکردن دەست خستنی زانیارییە، قسەکەر بە هۆی پرسیارکردنەوە ئەو زانیارییەی کەلای نییە دەیەوێت بەدەستی بێنێ ، لە زمانی کوردیدا چەند جۆرێك لە پرسیار هەیە لە وانە :

أ- پرسیاری گشتی: ئەم جۆرەیان لە زمانی کوردیدا بە دوو ڕێگا دروست دەبێ:

١- بەبەکارهێنانی هەندێ ئامرازی وەك (ئەرێ؟ یان ئایا؟ وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

- ئەریٚ ئەو قەوانە هەر نەبڕایەوە؟
- ئەریٚ خەسو قەت بوك نەبوی؟

٢- بەبەکارهێنانی ئاوازە ئەم جۆرەیان لە ڕووی ڕێزمانەوە لە شێوەی هەواڵداندایە بەڵام لە نوسیندا بە نیشانەی پرسیار دیاری دەکرێت وەك ئەمانەی خوارەوە.

- سیروان لێشت نەدەم هەر ئەمبەیت؟
- چۆلەکەی ئەمساڵ بە هی پاری ووت تۆ جیکەجیك ئەزانیت؟

ب- پرسیاری تایبەتی: لەم جۆرەیاندا یەکێك لە ئامرازەکانی پرس بەکاردەهێنرێت وەك :

- کای چی و جۆی چی؟من ئاغا و تۆ ئاغا کیٚ جێمان بۆ داخا؟
- کەری کیٚ تۆپیوە؟هەیاسە لە دیوەخانان چ باسە؟
- کیٚ کردی کیٚ خواردی؟

پ- پرسیاری هەڵبژاردن:

لەم جۆرەیاندا تێیدا دوو مەبەست، یان دوو شت، یان زیاتر ڕادەگەیەنرێت کە پێویستە یەکێکیان هەڵبژێردرێت بە هۆی ئامرازی لێکدەری (یان)دروست دەبێت(رەفیق محەمەد شوانی: ١٩٩٧،٤٤) وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

- تۆ کاڵەك خۆری یان بێستان ڕنی؟
- سەلکی سیریت یان قنچکی پیازیت؟

لەهەندیٚ پەندا پرسیارکردنەکە وەلامیشی لەگەڵدایە وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- کوێرە چیت ئەویٚ؟ دوو چاوی ساغ.
- ڕێوی کیٚ شایەتتە؟ ووتی کلکم.

سێیەم/ فەرماندان:

ئەم جۆرەیان یەکێکە لە جۆرەکانی داخوازی قسەکەر تێیدا داوای کردنی کارێك یان نەکردنی کارێك دەکات، وەك لەم پەندانەدا دەردەکەوێت:

- پیٚ بەقەد بەڕەی خۆت ڕاکێشە.
- بارت بگرە و باجت بسێنە.
- بە پێکەنینی زاڵم باوەڕمەکە.
- شەڕی خۆتڕێن مەکە.

چوارەم/ هەست دەربڕین(سەرسوڕمان):

گوتن کاتیٚ بۆ هەست دەربڕین بەکاردیٚ کە هەست و ئارەزوو باوەری قسەکەر بەرامبەر دیاردەکانی دەوروبەری دەردەخات سادەترین جۆری هەست دەربڕین لەو گوتنانە دەردەکەویٚ کە سەرسوڕمانی تێدایك (محەمەد مەعروف فەتاح:١٩٩٠،٢٨) وەك :

- ئۆخەی ! ماڵی خۆم حەزکەم ئەخۆم، حەزکەم ناخۆم.
- ئای!ئاگری بن کایی.
- ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆ خۆی!
- ئاخ خوێندەواری فریامان کەوە، بۆ عالەم ڕۆژە بۆ ئێمە شەوە!

**پێنجەم/ پاڕانەوە(دوعاکردن):**

ئەم جۆرە ڕستەیە یەکێکە لە باوترین شێوازەکانی داخوازی کە تێیدا قسەکەر ڕاستەوخۆ روی دەمی خۆی دەکاتە کەسی دووەم کە خوایە، کارێکی بۆ ئەنجام بدات یان ئەنجام نەدات ئەویش بە ناوهێنانی یان بە یەکێك لە سیفاتەکانی وەك(خوایە، یاخوا، ئەی خوایە، ڕەبی....) داوای لێ دەکات، بە زۆری لەناو ڕستەدا ئەم وشەو گرێیە تایبەتیانە دەچنە سەرەتاوە.ئەم جۆرە ڕستەیە ڕاستی و هەڵەی تێدانییە، چونکە داواکردنەو زانیاری گەیاندن نییە، لە ڕستەی پاڕانەوەدا هەموو ئەو کارانە دەگرێتەوە کە هێزو وزەی تێدا بەکاردێت لە وانە(کردن،یارمەتیدان ، هێنان، ناردن، ئاشکراکردن......). بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە ڕستەیە بۆ دوو مەبەست بەکاردێت ئەویش لایەنی خێرو چاکەیە(دوعا بۆکردن) یان لایەنی خراپەو شەڕە(دوعا لێکردن).وەك:

- یا خوا جوانیت بە جوانی ڕێواس بی.
- یارەبی بە دارەکەی قەرەداغ بیت.
- ڕەبی مەرگم پێش مەرگت کەوی.
- ئەوچاوە کۆرە بێت کە دوژمنی خۆی نەناسێت.
- ئاخیرت خێربی نۆبەرەت نێربی.

٣- جۆرەکانی پەندیپێشینان لە روی ڕۆنانەوە:

هەروەك ئاشکرایە ڕستە لە ڕوی ڕۆنانەوە دەکرێت بە سێ جۆر (سادە و لێکدراو و ئاڵۆز) بەم شێوەیە ش دەتوانین ئەم جۆرانە لە پەندی پێشینان دەستنیشان بکەین، واتە پەندەکانی کوردی لە ڕوی ڕۆنانەوە دەکرێن بەم جۆرانەی خوارەوە:

أ- سادە: ئەم جۆرە پەندانە دەگرێتەوە کە تەنیا یەك کاریان تێدایە ، بە گوێرەی کەرەسە سەرەکییەکان و ناسەرەکییەکان دوو جۆری سادە لێك جیا دەکرێنەوە:

١- سادەی بنج( ناوك) : ئەو جۆرانە دەگرێتەوە کە لە سادەترین ڕۆنانیدا لە گرێیەکی ناوی و گرێیەکی کاری پێکدێ، کە هەر گرێیەکیش لەم گرێیانە رۆڵێکی سەرەکی دەگێرێت، واتە سادەی بنج(ناوك) ئەو جۆرانە دەگرێتەوە کە تەنیا لە کەرەسە سەرەکییەکان پێکدێت بوونیان بە خورتییە، بەڵام دەرکەوتنیان بە ئارەزووە وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

- پیاو پیاوی دەخوارد.
- دز دز دەناسێت.

٢- سادەی فراوانکراو:

مەبەست لە فراوانکردن خودی کارەکە نییە ، بەڵو مەبەست لە فراوانکردنی سادەی ناوکە کە بە هۆی چەند کەرەسەیەکی ناسەرەکی فراوان دەکرێن لەوانە:

أ- فراوانکردنی گرێی ناوی (بکەر،یان بەرکار) بە هۆی دیارخەرەوە،وەك ئەم پەندانەی خوارەوە:

- ئاسنی سارد ئەکوتێت.
- دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە.
- دز بازاڕی شێواوی ئەوێ.
- خەڵکی کاغەزی سپی ئەخوێننەوە.

ب- بە هۆی بەرکاری ناڕاستەوخۆوە:
- خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە.
- مارانگاز لە خشەی مێروو ئەترسێ.
- خوا کڵاوی بۆ بەڕوو کردووە.
- لە هەموو هەورێك باران نابارێ.

پ- بە هۆی ئاوەڵگوزارەوە:
- بانگی محەمەد بە ئاشکرا خۆشە.
= بەرد لە جێی خۆی سەنگینە.
- ئاشتی دوای شەڕ خۆشە.
- گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێ.

ت- بە هۆی هەندێ وشەی وەك (هەر، جێناوی خۆیی،...):
- هەر دەوەنە ئەبێ بە دار.
- ئینسان هەر جارێك ئەمرێت.
- من زوو لە فیکەی خۆم گەیشتم.
- چرا شەوقی بۆ خۆی نییە.

ب- ڕستەی لێکدراو:

ئەو جۆرەیە کەلە ئەنجامی لێکدانی دوو ڕستە یان زیاتر دروست دەبێت، ئامرازی لێکدەر بەشەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەر یەکەیان وەك ڕستەیەکی سەربەخۆ لە ڕووی ڕێزمانەوە ڕەفتار دەکات و ئامرازەکە ناچێتە ناو دارشتنی ڕستەکە، بەڵکو تەنیا ڕستەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە(شلێر محەمەد ڕەسول:٢٠٠٤،٣٨). ئەم جۆرە لە پەندی پێشینان ڕەنگی داوەتەوە.

جۆری لێکدراوەکان:

١- بە پێی جۆری ئامرازەکان:

ئامرازی لێکدەری(و):

- چاکە بکە و بیدە بەدەم ئاوەوە.
- ڕازت لای یەکێك دانێ و پرست لای هەزار.
- مانگا مرد و دۆ بڕا.
- گۆشتی لا ڕانم ئەخۆم و منەتی قەساب هەڵناگرم.

ئامرازی لێکدەری(تا)/ هەتا:

- سوار تا نە گلێت نابێت بە سوار.
- هەتا تاڵی نەبینی خۆشیش نابینی.

ئامرازی لێکدەری(بەڵام):

- دوو گا لە دۆڵێ ڕەنگی یەك ناگرن، بەڵام خولقی یەك دەگرن.
- خزم گۆشتت بخوات، بەڵام ئێسقانت ناشکێنێ.
- تۆڵە بە سەبرە، بەڵام بە زەبرە.

ئامرازی لێکدەری(ش):

- شاران لە حەسرەت بەغدا ئەکران، بەغداش وێران بوو.
- پشتم سەفین بێت، تف لە ئاسنیش ئەکەم.
- ماڵ خۆی لە خۆیدا نەبوو،دزیش ڕووی تێ کرد.

ئامرازی لێکدەری(نە،نە):

- نەشایی کەرم، نەشاباش دەرم.
- نە پێڵاوی تەنگ، نە ماڵی بەجەنگ .
- نە هێندە تاڵبە فرێ بدرێی ، نەهێندە شیرین بە قوتبدرێی.

ئامرازی لێکدەری(یا،یا):

- یا زانابە یا پرسابە.
- کابان یا بێبەشە یا ڕوو ڕەشە.
- یا دەبیتە خانی خانان یا دەبیتە پوشی بانان.

ئامرازی لێکدەری(نەك):

- تاس بشکێ نەك بزرنگێ.
- مۆم دەڵێ بسوتێم نەك بتوێمەوە.
- سەر بۆ سەر بڕین نەك بۆ سەرزەنشت.
- خێر بۆ خوێش، نەك بۆ دەروێش.

٢- جۆرەکانی لێکدراو بە پێی دەمەکاتەکان دەکرێن بە چەند جۆرێکەوە لەوانە:

أ- لێکدراوی هەمان کاتی.

ب- لێکدراوی پێش و دوا(یەك لە دوای یەك).

أ- لێکدراوی هەمان کاتی ئەو جۆرانە دەگرێتەوە کە کارەکانی ڕستە سادەکانییان لە هەمان کاتدا ڕودەدەن یان ڕویان داوە یان ڕونادەن کە دەکرێ بەم بەشانەی خوارەوە (عەبدوڵڵا ڕەسول ، ١٩٩٦،٨٥):

١- لێکدراوی هەمان کاتی هاوڕوداو:ئەم جۆرەیان دەگرێتەوە کە لە کاتێکی دیاریکراودا کاری ڕستەسادەکانیان ئەنجام دەدەن و ڕودەدەن، وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

- برێشکەی جۆ ئەخوات، بەسابون دەست ئەشوات.
- ژنیش هەیە و ژانیش هەیە.
- قسە هەزارە و دوانی بەکارە.

٢- لێکدراوی هەمان کاتی یەك ڕووداو: لەم جۆرەیاندا لە نێوان هەموو ڕستەسادەکانیاندا تەنیا کاری یەکێك لە ڕستەکان ڕوودەداو جێبەجێ دەکرێت، ئەم کارانەش زیاتر لە شێوازی داخوازی دەبن، کە بە هۆی ئامرازی لێکدەری (یا...یا) دروست دەبێت وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

- یا دەبی بە خانی خانان یا دەبی بە تۆزی بانان.
- یا زانابە یا پرسابە.

٣- لێکدراوی هەمان کاتی ڕوو نەداو: لەم جۆرەیاندا ڕودان لە ڕستەکاندا نییە، واتە هیچ لە ڕوداوەکان جێبەجێ ناکرێن و بە هۆی ئامرازی لێکدەری(نە...نە) دروست دەبێت وەك:

- نە هێندە وشك بە بشکێیت نەهێندە تەڕبە بگوشرێیت.
- نە پێڵاوی تەنگ نە خانەی بە جەنگ.
- نەدار دەبیتە ماشە، نەنەزان دەبیتە پاشا.

ب- لێکدراوی پێش و دوا(یەك لە دوای یەك): لەم جۆرەیاندا کاری ڕستەکان یەك لە دوای یەك ڕودەدەن وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

- چاکە بکە و بیدە بەدەم ئاوەوە.
- مانگا مرد دۆ بڕا.
- کاروان دەڕوا و سە پێی دەوەڕی.
- تاجی ئەدەب لەسەر نێ، هەمو جیهان لەبەرنێ.

٢- **ڕستەی ئاڵۆز:** ئەم جۆرەیان لە ڕستەیەکی سەرەکی و پاڕستەیەك یان چەند پاڕستەیەك پێکدێت ، ڕستەسەرەکییەکە لە ڕستەی ئاڵۆزدا ڕستەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام پاڕستەکان بەندن بە ڕستە سەرەکییەکەوە چەند زانیارییەك لە بارەی توخمێکی ڕستەی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، پاڕستەکان بە هۆی ئامرازەکانی گەیەنەر دەگەیەنرێنە ڕستەی سەرەکی. لە ڕستەی ئاڵۆزدا پاڕستەکان جۆری ڕستەکە دیاری دەکەن ، بەگشتی پاڕستەکان دەبن بە سێ جۆر لە وانە:

١- پاڕستەی ناوی.
٢- پاڕستەی دیارخەری.
٣- پاڕستەی ئاوەڵگوزارەیی.

یەکەم/- **پاڕستەی ناوی:** ئەو پارستانەن کە جێگای ناوێك یان گرێیەکی ناوی لە ڕستە سەرەکییەکە(شارستە) دەگرنەوە, واتە هەندێ ئەرکی سەرەکی ناو ڕستەی دەدرێتە پاڵ، لەوانە ئەرکی بکەری یان بەرکاری دەبینن. وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت:

ا- پاڕستەی بکەری

- ئاشکرایە، کە هەبوونی هەموو عەیبەکت دادەپۆشی.
- ئاشکرایە کەئەستێرەی ئاسمان ڕۆناکی مانگی نییە.
- ڕاستە چاکەو خراپە لە دەست خودایە، بەڵام خەتای بەندەشی تێدایە.

ب- پاڕستەی بەرکاری

- ناتوانم کە هەڵە بە چاکە چارەسەر بکەم.
- دەزانم جاشی چ ماکەرێکە.

**٢- پاڕستەی دیارخەری:** وەسفی گرێیەك دەکات لە ناوڕستە سەرەکییەکەدا(شارستە) لایەنێکی ئەو نادیارییە دەردەخات یان روون دەکاتەوە کە لە گرێیەکەدا هەیە و بە پێی ئەرکی گرێیەکە لە ڕستەدا دەتوانرێت پارستەی دیارخەری بکرێت بەم بەشانەی خوارەوە:

**ا- پاڕستەی دیارخەری بکەری**

- حەیا قەترەیەکە تکا،تکا.
- هەرکەسێك پەڕی تاوسی ئەوێ، ئەبێ زەحمەتی سەفەری هیندستان بکێشێ.
- شێر لە بێشە دەرچێت چ نێربێ وچ مێ.

**ب- پاڕستەی دیارخەری بەرکاری**

- دەستێك حاکم بیبڕێت خوێنی نییە.
- دەستێ نەتوانم بیبڕم ماچی ئەکەم.
- ژنێك بێنە ژنانە، پێستە بکات بە هەمانە.
- خۆری ئاگردانی خۆت بخۆ کەلە پلاوی خەلکی چاکترە.

**ت- پاڕستەی دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ:**

- بەو بایە دەژیم کەلە لای تۆوە دێتن.

**پ- پاڕستەی دیارخەری ئاوەلگوزارەی شوێنی**

- ئەو شوێنە خۆشە کە دلێ لێی خۆشە.
- کانییەك ئاوی لێ بخۆیتەوە، بەردی تێ فرێ مەدە.

**ج-پاڕستەی دیارخەری ئاوەلگوزارەی کاتی**

- ڕۆژ کە کەوتە ژێر هەوری، لە دەسەلاتی من و تۆدا نییە.

**٣-پاڕستەی ئاوەلگوزارەیی:** ئەو پارستانە دەگرێتەوە کە زیاتر پەیوەستن بەکاری ڕستەکەوە. دەشێ هەموو جۆرەکانی لە گرێی بەندو هەندێجاریش لە گرێی ناوی پێکبێت کە لایەنێکی واتای ڕستە سەرەکییەکە ڕون دەکاتەوە لەوانە(کات,مەرج, هۆ, ئەنجام پێوانە, چۆنیەتی.....)کەواتە بە پێی جۆرەکەی دەتوانین پارستەی ئاوەلگوزارەیی بکەین بەم بەشانەی خوارەوە:

**ا- پاڕستەی کاتی**

- کەمن نەمام، لەپاش من دنیا وێران بێ.
- کە زۆر هات، قەوالە بەتالە.

**ب- پاڕستەی مەرجی**

- ئەگەر گوڵ نیت، دڕکیش مەبە.

-ئەگەر ماڵت لە شووشەبوو ماڵی خەڵك بەرد باران مەكە.

- ئەگەر نەمدیایە باوكی، ئەمردم لە عەزرەت دایكی.

- كەچەڵ حەكیم بوایە دەرمانی سەری خۆی ئەكرد.

**ت- پارستەی هۆ**

- لەحەق مەترسە، چونكە ناحەق بەرێوەیە.

- ئەوی بەتەمای ماڵە دراوسێ بێت بێ شێو سەر ئەنێتەوە.

- سوار تا نەگلێت نابێت بە سوار.

- كەڵەشێر لە ناوەختا بخوێنێت سەری خۆی و ساحێبی ئەخوا.

**ج- پارستەی ئەنجام**

- كەم بخۆ، بۆ ئەوەی نەچیە لای حەكیم.

-چی بچێنیت ئەوە ئەدوریتەوە.

- هەركەسێك بیر بۆ كەسێك لێدا خۆی تێ ئەكەوێ.

- هەتا تاڵی نەبینی،خۆشیش نابینی.

## ئە نجام

**لە كۆتایی ئەم باسەدا گەیشتوین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

١- پەندی پێشینان بە ڕستەو ئاخاوتنێكی كورت دادەنرێ، كەمەبەست و واتایەكی فراوان و قوڵ بە دەستەوە دەدات، لێكدانەوەو شیكردنەوەی بابەتێكە دەرژێتە ناو هەمووئاستەكانی زمان (فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی،سینتاكس، سیمانتیك، پراگماتیك) واتە دەتوانرێت لە هەموو لایەنێكەوە لێی بكۆڵدرێتەوە و سوودی لێ ببینرێت.

٢- گرنگترین یەكەی لێكۆڵینەوە لەئاستی سینتاكسدا ڕستەیە، لەبەر ئەوەی پەندی پێشینانیش بە ڕستە دادەنرێ بۆیە لە كۆمەڵێك كەرەسەی دیاریكراو پێكدێت كە بە گوێرەی چەند یاسایەك دارێژراون .

٣- دەستوری ریزكردن و دانەپاڵ یەكتری كەرەسەكان/ گرێكان و دیاریكردنی ئەو یاسا و لێكدانانە لە ڕێگای چەند كردەیەك ئەنجام دەدرێت ئەوانەی كە لە پەندی پێشینان بە شێوەیەكی گشتی ڕەنگی داوەتەوە و زۆر باون ئەمانەن (كردەی ڕێككەوتن، كردەی پاش و پێشكردن، كردەی لابردن، كردەی ناكردن، ...).

٤- لە پەندی پێشیناندا كورتكراوەیی و خەستی واتایی بەدی دەكرێت بۆیە ئەمە وا ی كردوە لە ڕستەی ئاخاوتنی ئاسایی جیابكرێتەوە.

٥- لەپەندی پێشیناندا هەموو شێوە ڕستەیەك وەك یەك بەدی ناكرێت، چ لە ڕوی ڕۆنان و ئەركەوە بێت ، چ لەروی كردەكانەوەبێت.

## سەرچاوەکان

- پەروەر عبدالرحمن صالح، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پراگماتیك ، نامەی ماستەر، ٢٠١٣، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو، بەرکار لە زمانی کوردیدا، ٢٠٠٨،هەولێر.
- دیار علی کمال کریم، ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنا ن وگوێزانەوە، نامەی ماستەر، ٢٠٠٢، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- ڕەفیق محەمەد شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، ١٩٩٧، زانکۆی بەغدا.
- ساجیدە عبدالله فەرهادی، ڕێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی، نامەی ماستەر، ١٩٩٥، زانکۆی سەلاحەددین،
- شلێر محەمەد رەسول، یاساکانی دارشتنی لاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا،٢٠٠٤، زانکوی سەلاحەددین، هەولێر.
- طالب حسین علی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، ١٩٩٨، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- طالب حسین علی و ساجدە عبدالله فرهادی، گرێ وجۆرەکانی گرێ لە زمانی کوردیدا،گۆڤاری(استاذ)، سالی ٢٠٠٦، ژمارە ٥٦.
- عەبدوڵلا حوسین ڕەسوڵ، لە کوردیدا، نامەی ماستەر، ١٩٩١، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- فەرەیدون عەبدول محەمەد، بکەرنادیار لە کرمانجی ژوورو، نامەی ماستەر، ١٩٨٨، زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر.
- ڤیان سلێمان حاجی ، ڕێککەوتن لە شێوەی ژووری زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، ٢٠٠١، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- کاروان عومەر قادر، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر، ٢٠٠٦، زانکۆی سلێمانی.
- محەمەد مەعروف فەتاح، کارپۆلین کردن بە پێی ڕۆنان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢١، ساڵی ١٩٨٩.
- وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ٢٠٠٤، دەزگای ئاراس، هەولێر.

## سەرچاوەی پەندەکان

- حەمید گەردی،پەندی کوردی لە باخچەی گەردی،٢٠٠٦، هەولێر.
- حەمید گەردی،گولێك لە گوڵستانی کوردستان،٢٠٠٠، هەولێر.
- خالید جوتیار، پەندو زاری شیرین، ٢٠٠٥، هەولێر.
- شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، ١٩٨٤، هەولێر.
- شێخ محەمەدی خاڵ،چ٢.
- عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، پەندی کوردی،١٩٧٢، هەولێر.
- فائق هوشیار، سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد،٢٠٠٧ چ٢، چاپخانەی شڤان.

**ملخص البحث**

**اللغة الإنسانية نظام معقدّ ومتشابك،و دراستها ليست بالأمر اليسير، لذا فقد ارتأ ى الدارسون ولغرضدراستها توزيعها على عدة مستويات وأدرجوا تحت كل مستوى مجموعة من الوحدات، وتحليل الأمثال موضو يصب في جميع المستويات(الصوتية، الصرفية، النحوية، الدلالية، التداولية) بمعنى أنه يمكن دراستها والانتفاع بها وفق جميع المستويات. وقد خصصت هذه الدراسة الموسومة ب(التأويل والتحليل النحوي للأمثال) لدراسة بعض الجوانب النحوية للأمثال في اللغة الكوردية، ومعلوم أن النحو عمدته التوزيع الأفقي للوحدات فيعنى بتنسيق الوحدات وضم بعضها إلى بعض، وتحديد القواعد و التحليلات المستساغة في اللغة المعنية وتتم هذه القواعد والإجراءات عن طريق مجموعة من العمليات، لذا فإننا في دراستنا هذه ننطلق من منظور المستوى النحوي لتحديد تلك العمليات و الجوانب المتعلقة به.**

**وتتكون الدراسة- التي مادتها الأمثال التي قيلت باللهجة الكوردية الوسطى – إلى جانب المقدمة و الخاتمة من مبحثين:**

**يعنى المبحث الأول المعنون ب(بعض العمليات النحوية في الأمثال) بمعالجة تلك العمليات و الإجراءات النحوية التي انعكست في الأمثال مثل(عملية المطابقة، عملية التقديم و التأخير، عمليةالحذف، عملية النفي، عملية البناء للمجهول...).**

**أما المبحث الثاني و الذي يحمل عنوان(نواع الأمثال من حيث الوظيفة و الصياغة) فيتناول الأمثال من حيث الوظائف النحوية مثل(الإخبار، الاستفهام، الأمر، التعجب...) ومن حيث التشكيل و الصياغة يبين أنماطها (البسيط، والمركب والمعقد منها).**

**Summary of the research**

The human language has a complex system and it is not easy to penetrate .Researchers started to divide it on many levels so that they can analyze the language on (phonetic, grammatical, semantic, syntactic and pragmatic) levels . This means that it can be studied and yhus getting benefit on all these levels.

This study is entitled as "The grammatical illustration and analysis of the proverbs". So to study some grammatical aspects of the proverbs in Kurdish language is useful.

It is well known that grammar is concerned with the linear distribution of the syntactic elements. So homogeneity in the arrangement of these elements are necessary to have the specific grammatical rule and provide required analysis through several procedures. Thus in our study , we depend on grammatical level in specifying such procedures and other aspects related to it.

The reason behind choosing such topic is the lack of references about this title , so such field deserves concern and to be studied on the levels of Kurdish language.

The study that is composed of proverbs in medium dialects has an introduction and two sections followed by a conclusion and a list of references. The first section is entitled as {some grammatical procedures in proverbs} . It treats such procedures that are reflected in the proverbs like consistency, deletion, negation, preceding or coming after the structure, and the unknown constructing process.

The second section has the title "Types of proverbs concerning their form and function". This part takes the functional aspect into consideration like, command, interrogation, order , informing and surprise as well. As far as the form is concerned, the study presents the difference concerning their forms like " the simple, compound and the complex one.".

As it is mentioned above, these two sections are followed by main conclusions and results reached at by the researcher and a list of references with a summary in Arabic and English languages.